# خواستی پێك هینانی بەرەیەکی هاوبەش
# دژ بەدیپۆرتی پەنابەرانی کوردو عیراقی لەلایەن چەند ئەندام
# پەرلەمانو رێکخراوە نیهادە پەنابەرێکانەوە پێشوازی لیٚ دەکرێت

رۆژی 11–1–2006 لەدریژەی کەمپینی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بۆ بەرگری لە پەنابەرانی کوردو دژ بە گیرانەوەی پەنابەران، کۆبوونەوەیەکی گشتی لە نیو پەرلەمانی بریتانیا سازدرا. (دەشتی جەمال لەلایەن فیدراسیۆنی سەرتاسەری ،Jonhn Mcdonnel ئەندامی پەرلەمانی بریتانیا ،Jermy Corbyn ئەندامی پەرلەمانی بریتانیا و هەڵسورا لەبەرەی دژی شەر،Margaret Wright لەحزبی سەوزی بریتانیا ،Emma Ginn ، لەبەرەی دژ بەدیپۆرتی پەنابەران (NCADC),،سەوسەن سەلیم لەرێکخراوی ژنانی پەنابەرانی کورد لەبریتانیا ،George Binette ،لەکۆمیتەی بەرگری لەمافەکانی پەنابەران، رێکخراوی (CAMPACC)،بورهان فەتاح بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەران لەشاری مانچستر، France Webber پەیمانگای پەیوەندیکانی رەگەزی،Doug Holton کەمپینی گیرانەوەی مندالان راگرن. لە ووتار بیژانی ئەم کۆبوونەوەیە بوون..



سەرەتای کۆبوونەوەکەبەریز (Jonhn Mcdonnell) ئەندامی پەرلەمانی بریتانیا بەدوای بەخیر هاتنی ئامادەبووان لەووتەیەکدا باسی لەشەری ئەمریکا لەدژی خەلکی عیراقی کردو ئاماژەی بەو هەموو تاوانکاری و ماڵویارانی یانە دا کەبەهۆی ئەم جەنگە و داگیرکاری‌یەوە بەرەو روویان بۆتەوە. هەروەها بەریزیان چووەسەر باسی ئەوەی کە بەوپەری تواناوە بەرامبەر بەسیاسەتی شەرخوازانەی حکومەتەکەی تونی بلیر لەدژ شەر راوەستاوە و پشتیوانی گەرمی خۆشی بۆکەمپینی فیدراسیۆن ئەو هەولاّنەی کە لەدژی ناردنەوەی پەنابەرانی کوردی عیراقی بەری خستووە راگەیاند و سیاسەتی ناردنەوەی بەزۆری پەنابەرانی لەلایەن دەولەتەوە بە بەر بەرێت ناوبرد.

بەدوای ئەودا (دەشتی جەمال) لەلایەن فیدراسۆنی سەرتاسەریەوە سپاسی ئامادەبووان ونوینەرانی ئەو رێکخراوانەی کرد کە لەدەوری رابردوو و ئیستادا بەرگری و پشتیوانیان کردوە لەکەمپینی فیدراسیۆن دژ بە دیپۆرتی پەنابەران ،پاشان باسی لە ئەوزاعی سیاسی عیراقو کوردستان و ئەو نائەمنی یە کرد کەبەدوای جەنگ و داگیر کاری ئەمریکادا هاتوتە کایەوە و بۆتە مایەی نائارامی وسەرگەردانی وپێشیلی مافەکانی ئینسان و پەرەگرتنی تیرۆر وتەقاندنەوە وسەرکوتی ئازادی سیاسیەکان وباس کردنی چەندین نمونە لەپێشیلی ئازادی سیاسی لەوانە مەسەلەی کەمالی سەید قادر ..وئەمانەش بۆنەتە هۆکاریك بۆسەرهەڵدانی ژیانی

پەنابەریتی و ئاوارەیی ..لەبەشیکی تری قسەو باسەکاندا دەشتی جەمال ئامآژەی بەژیانی پەنابەرانی دا لەبریتانیا و باسی ئەو سیاسەتانەی کرد کەحکومەتی بریتانیا بەرامبەر پەپەنابەرانی کورد وعیراقی دەستی بۆبردووە. لەوانە فشارهینانی رۆژانە وگرتن و لیسەندنەوەی خزمەتگوزارییەکان وفرسەتی کارکردن وە دوا ئەنجامیش دیپۆرتی 15 پەنابەری کورد بۆ هەولیر. لەئاخریشدا دەشتی جەمال تەئکیدی لەوەکردەوە کەکیشەی پەنابەرانی کورد کیشەیەکی سیاسی یەوە تا حل نەکردنی ئەو کیشە یە دەولەتی بریتانیا لەسەریتی مافی پەنابەری بدات بە پەنابەرانی کورد وبانگەوازی ئامادەبووانی بۆ پێك هینانی بەرەیەکی هاوبەش دژ بەدیپۆرتی پەنابەرانی کورد وعیراقی کرد..

لەبەشێکی تردا بەریز(Jermy Corbyn) ئەندامی پەرلەمان و یەکێك لەهەلسوراوانی ناسراو لەبەرەی دژ شەر ئەوپەری هاوپشتی و هاوکاری خۆیان لەدیفاع لە پەنابەرانی عیراقی راگەیاند .

سەوسەن سەلیم بەرپرسی رێکخراوی ژنانی پەنابەری کورد لەبریتانیا سەرنجی ئامادەبوانی بۆ وەزعیەتی ژنان لە کوردستان لە ژێر سایەی دەسەلاتی پارتیو یەکیتیدا بەباسی چەند نمونە لەکوشتنی ناموسی ژ نان وەك صوبحیە نادرو پیلاو وەفا کرد و بێ دەربەستی ئەم حکومەتە لەبەرامبەر تاوانی کوشتنی ناموسیو دواتر لەسەر دیاردەی خۆسوتانی ژنان و لوت برینی ژنان ئەتك کردنیان دۆزینەوەی لاشەی ژنانی کوژراو تشویش کراو لەسەر چادەکان بەشێوەیەکی بەردەوام هەر رۆژە ، وە ووتی کە زۆری ئەم حالەتانە لەسایتی کوردیەکانەوە بلاودەبیتەوە, دواتر لەسەر خەتەری ناردنەوەی ژنانی پەنابەر روونکردنەوەی دا بەچەند نمونەی زیندو پاشان ووتی ژنانی کە فێری جۆرێکی تر لەژیان بوون چێژی ئازادیان کردوە ئەزانن لێرە تارادەیەکی زۆرمافەکانیان پاریزراوە مندالەکانیان بە سونەتێکی تر گەورەبوون ناردنەوەیان ژیانی زۆریان دەخاتە خەتەوەوە بۆ یە دەبی هەرئیستا ری بەم تاوانە بگیری ونەهیلین هیچ یەك لەوژنانە بنیرینەوە دواتر تاکیدی خۆی بۆ هاوپشتی کارەکانی کەمپینی فدراسیۆنی سەراسەری پەنابەران ویەرەی هاوبەش لەدژی دیپۆرتکردنەوە دەربری.

بورهان فەتاح بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە مانچستر باسی لەوهۆکارانەکرد کە پەنابەران بەهۆی فشاری سیاسەتی راسیستی دەولەتی رووبەرووی پەنابەران بۆتەوە و ترس و دلەراوەکی دیپۆرت کردنەوە زۆرەملی ..لەبەشیکی تری قسەو باسەکاندا باسی لەتوانایەکانی پەنابەرانی کورد کرد لەخزمەت کردن بە کۆمەلگاو وە هەروەها ئەو کارو چالاکیانەی ژمارد کە فیدراسیۆن لەشارەکاندا پیێ هەڵستاوە ،هەروەها باس لە نائەمنی کوردستان و گرنگی کاری پێکەوەی و دامەزراندنی بەرەیەکی بەهیز کە پشتیوانی رێکخراوە پەنابەری و خەڵکی ئازادی خوازی بریتانیاو یەکیتی کرێکاریەکانو ئەندام پەرلەمانەکان بۆ ناچارکردنی دەولەت بە پاشەکشێ پێکردن بە سیاسەتی دژ پەنابەری. تاکید دەکرد.

پاشان ماوەدرا بە بەشدار بووان و نۆینەرانی چەندین رێکخراوی ئینسانی و پەنابەری تر کە هەریەك ئامادەی هاوکاری بەرەیەکی هاوبەش و پشتیوانی خۆیان لە پەنابەرانی کوردو عیراقی تاکید دەکردەوە.

لەکۆتایدا تەواوی بەشداربووان و نۆینەرانی رێکخراوەکان ئامادەیی خۆیان بۆ پیك هێنانی بەرەیەکی فراوان بەدژی سیاسەتی دیپۆرتی پەنابەران و بەدەستهینانی خۆاستەکانیان راگەیاند ودەشتی جەمال لەدووایین قسەی خۆیدا سوپاسی ئامادەبووانی کرد بۆئەو هاوکاری وبەشداربوونەیان.. شایانی باسە بۆ ئەم کۆبوونەوەیە رێکخراوی امنستی ئەنتەرناشنال وچەند رێکخراوی پەنابەریو کەسایەتی و نۆینەری (سایمن هیوز) لەحزبی لیبرال دیمکرات پشتیوانی خۆیا ن لە پەنابەرانی عیراقی و کەمپینی فیدراسیۆن راگەیاند. هەروەها چەند ژۆرنالیست لە رۆژنامەی (مۆرنین ستار)(ئلفورد ریکورد)خەریکی ئامادەکردنی راپۆرت بوون لە کۆبوونەوەکە وەرۆژنامەی (مورنیین ستار) ئەمرۆ هەوالی ئەم کۆبوونەوەیەی بلاوکردەوە لەسەرتاسەری بریتانیا.

### ئەم کۆبوونەوەیە پشتیوانی کرا بوو لە لایەن

**International Federation of Iraqi Refugees ,Campaign Against Racism and Fascism(CARF), Refugee Project, , NCADC, Stop Deporting Children, , CARF, Asylum Rights Campaign, Peace and**

**Kurdistan Campaign, Iraqi Freedom Congeries, Kurdistan Solidarity Committee, Halkevi Kurdish-Turkish Community Centre, , International Organisation of Iranian Refugees, Stop Deporting Childern**

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی**

2006-1-14

---

**بۆ پەیوەندی بەفیدراسۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بە ژمارەی**(07734704742) *E-mail:d.jamal@ntlworld.com* ***پەیوەندی بگرن***.